
# بێزاری له‌ من ده‌چێ



ئاوێزان نوری

ئیلاهی..

رۆحێكم.. پڕ له‌ شه‌رمو ته‌ریقبوونه‌وه‌

ژیانێكم پڕ له‌ غه‌در

بوخچه‌یه‌كم پڕ له‌ تاوانی قه‌دكراو

خاكێكم پڕ له‌ ئێسكو پروسك

شه‌هیدێكم پڕ له‌ ده‌قیقه‌ وه‌ستان

مێژوویه‌كم پڕ له‌ سڕینه‌وه‌

ئازادییه‌كم  كاس به‌ زڕه‌ی زنجیر

داستانێكم خاڵیی له‌ وشه‌ی رژاو

كۆلاره‌ی ده‌ستی قه‌ده‌رێكی شه‌هوه‌تبازم

به‌ په‌تی خیانه‌ت هه‌ڵدراو

له‌ تابلۆیه‌ك ده‌چم خاڵیی له‌ ره‌نگو..

خه‌ونێك خاڵیی له‌ ته‌فسیرو..

منێك خاڵیی له‌ خۆم

نه‌ دڵی چۆله‌كه‌یه‌كم پێ ئاشت ده‌كرێته‌وه‌و..

نه‌ نوزه‌ نوزی "با"م پێ ژیر ده‌بێته‌وه‌

ئیلاهی

سەدەیەكە رێدەكەم

هەنگاوەكان جورئەت ناكەن

رۆیشتنەكانم بخوێننەوە

كەنارییەكم بەنەغمەی گریان گۆرانی دەچڕم

كەس گوێم لێ ناگرێو..

كەس لە دیلێتیم حاڵیی نابێ

قەفەسەكەم نەبێ

ئاگرێكم كڵپەم دێتو..

دوكەڵ لە سوتانەكانم حاڵیی نابێ

قەڵەمەكەم لە سۆزانیەك دەچێ

هەر شەوی لە نێو باخەڵی كاغەزێكی پەرپوتدا

عەیارانە رووت دەبێتەوەو..

مومارەسەی حەرفەكانی دەكا

كەچی نوسینێك نەیتوانی

مەلەفی غەریزەكانی ناخم ئاشكرا بكات

ئیلاهی

گەیشتمە ئۆرگازمی یاخیی بوون

جا تێتگەیاندم

كە بێزاری لە من دەچێ

بێزارییەك لە سەحەردا بەر لە خۆر

بەیانی باشم لێدەكات و

ئێوارانیش هێدی .. هێدی

دەخزێتە نێو پێخەومەوە ..